کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردیە
www.kurdistannet.org
31-10-2007 20:37بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

**کاک سامان عبدالرحمن لەئەڵمانیا ویژدانت هەبێت بەرامبەر بە دکتۆرحمدامین و نەخۆشخانەی شۆڕش. ... هەتوان**

بەڕێزتان لە نوسینی بابەتێکدا لە کوردستان نێتی بەڕێز هەست دەکەم بێویژدانیتان بەرامبەر بە د. حمەامین کردووە. هیوادارم ئەم چەند تێبینیەم بە سنگێکی فراوانەوە وەك برایەك لێم وەرگربگریت، من بە خزمەتی بەڕێزتان نەگەیشتووم بەڵام نزیکەی 8 ساڵێك لەم دەزگایە کارئەکەم، کەم تا زۆر ئاگاداری مەسەلەکانم بۆیە حەزم کرد ئەم ڕونکردنەوەیە بنوسم بۆ بەڕێزتان و خوێنەرانی کوردستان نێتی ئازیزیش.

بەریز د. محمدامین تا یەك دوو ساڵ بەر لە ئێستاش بە شایەدی هەموو کەس (لەگەڵ ڕێزی زۆرم بۆی)، وەکو ڕۆبۆت وابووە بە دەست دکتۆر محەمەدخۆشناوەوە هەرگیز نەیتوانیوە بێ ئەمری خۆشناو مێش لە ئاو بکا، هەرچی کردبێتی لە سەر داوای خۆشناو بووە. بۆ مەسەلەی ئاوارەکانی هەولێر گەر د. خۆشناو خۆی ئێوەی دەر نەکردبێ کێ ئەتوانێ دەرتان بکات بەرێزم ئەوانەی باسیان ئەکەیت زۆربەیان ئەناسم هەموویان بە شەڕو ناخۆشی لە م دەزگایە دەر کراون ئێستاش هەمویان ناخۆشیان لە گەڵی هەیە تەنانەت باسی کورە خاڵێکی ئەکەن کەخۆشناو دەستی هەبووە لە...

وە نەوەك هەر ئاوارەی هەولێر و هەولێری، ئەوەی یەك تۆز خوشناو گومانی لێکردبێ وماستاو چی خۆی نەبوبێت و مەرامە گڵاوەکانی بۆ جێ بەجێ نەکردبێ جێگای نە بۆتەوە لەم دەزگایە بەرێزم بە سەدان دکتۆرو کارمەندی پزیشکی و شوفێرو کارمەند و کارگوزارو حمایە تا ئێستا لەم دەزگایە دور خراوەنەتەوە هەموشی بە بریاری خودی بەرێز دکتۆر محەمەد خۆشناو بووە بەڵام لەوانەیە ئیمزاکانی بە د. حمەمین کردبێ.

من لە تۆ ئەپرسم کاك سامان عبدالرحمن:...

ئایا ئەم هەموو خەڵکە هەموی هەر خەڵکی خراپ بوون. بەرێزم بەنسبەت داڵ و قەلەکانیش ئیستا لەم ولاتە چ زۆرە داڵ و قەل زۆرە بەلام خۆ د. حمەمین هەر هیچ نەبێ دکتۆرەو زیاتر لە دە ساڵە لەم دەزگایە کار ئەکات دەیان هەزار نەشتەرگەری ئەنجام داوە بۆ خەڵکی هەژارو کەس و کاری شەهیدان و پێشمەرگە (کە بە پارە بێت بای سەدان هەزار دۆلار خزمەتی کردوە) . وە بەرێوەبەری نەخوشخانەی شۆڕش و ماوەیەکیش بەرێوەبەری گشتی بووە، بە هەموو ڕیساویاسایەك حەقی خۆیەتی.

بەڕێزم کاك سامان...

لەم دەزگایە خەڵکی واهەیە بووە بەئەفسەر کە خویندەواریشی نیە هەر خەریکی گەندەڵیش بووە. بۆ نمونە خزمەکانی خۆشناو ئێستا هەمویان مولازم و عقید و موقەدەم و رائید و... بێ شەهادەش وەکو کاك سۆرانی کوری خۆی، کە مولازمە و لەسەر نەخۆشخانەی شۆڕش. باشە بەرێزم خۆ ئەم دەزگایە تاپۆی خۆشناو و بنەماڵەکەی نیە کە کارو ماندوبون و ماڵویرانی بۆ خەڵکی وەك ئێمەمانان بێت و پلەو پایەو امتیازاتیش بۆ خۆشناو بنەماڵەکەی و ماستاو چیەکانی دەوروبەری بێت.

بەرێزم کاك سامان عبدالرحمن لە ئەڵمانیا.

یەکێك لە سیفەتەبەدەکانی خۆشناو استغلال کردنی خەڵکە تائەو شۆێنەی پێویستیەتی، هەرکاتێکیش زانی مەترسی بۆ سەر کورسیەکەی دروست ئەکا بێ سێو دوو لای ئەدا و کۆمەلێکیش ناو ناتۆرە دروست ئەکا بۆ رکابەرەکانی گوایە خۆی شەریفی مەکەیە. بەرێزم کاك سامان

بە درێژای تەمەنی ئەم دەزگایە هیچ کەسێك لە خۆیان زیاتر سودی لەم دەزگایە نەبینیوە بە دەلیلی ئەوەی کە نەك هەر خوی بەڵکو براکان و ئامۆزاکانیشی بوون بە ملیونێر.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
31-10-2007 20:37بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

باشە بەڕێزم من لە تۆ ئەپرسم کەس بەموچە ئەبێت بەملیونێر؟ ئەی بۆ ئەم دکتۆرحەمەمینەی تۆ باسی ئەکەیت. لەکاتێکدا وەك خۆشناو بەڕێوەبەری گشتی بووە و دە ساڵە لەوێ دکتۆرە، کەچی نەك هەر وەکو خۆشناو بگرە 10\1 ی براکان و خزمەکانیشی دەوڵەمەند نەبووە.

بەڕێز کاك سامان نابێت ئەوەمان بیربچێت..

بەڕێز د. حەمەمین و هاوڕێکانی ڕۆژگارێك هاتن بۆ شۆرش بە دەس ماچ کردنیشەوە هیچ دکتۆرێکی سلێمانی ئامادە نەبوو بێت بۆ ئەم نەخۆشنایە و لە گەڵ خوشناو کار بکا.

د. حمەامین دوای 9ساڵ ئەوسا بۆی دەرکەوت کە استغلال کراوە و فریای خۆی کەوت کاتێکیش خەبەری بویەوە دوایی ئەم هەموو خزمەتەی بە و دەزگایەو ی ن ك وکەس وکاری شەهیدانی کرد یەکێتی نیشتیمانی سپڵەو بێ وەفا ئەم زاتەی دەرکرد بۆ ئەوەی کەس ڕێگر نەبێت لەکارە گەندەڵکانی خۆشناو.

بەڕێزم کاك سامان..

(هین) یش کە من نازانم مەبەستت چی یە بەڵام دڵنیات ئەکەمەوە خۆشناو سەرکردەی هەموو (هین) ەکان و هیچ (هین) ێك بێی ئەو نەکراوە و هیچ (هین) یکیش بێ ڕەزامەندی خۆی لەم دەزگایە جێگەی نەبۆتەوە. ئەم خۆشناوە هەمو شتێکی کردوەو ئەکات لە پێناوی کورسیەکەی.

لە گەڵ ڕێزم دووبارە بۆ جەنابتان کاك سامان کەلەئەڵمانیاوە نازانم چۆن ئەو خوێندنەوەیەت کردوە بۆ دکتۆرحمدامین و نەخۆشخانەی شۆرش.

سەرکەوتن بۆ کوردستان نێتی ئازیز، داوای لێ بوردنیش ئەکەم لە کوردستان نێت ئەگەر خوانەخواسە هیچ دەستەواژەیەکی ناشیرنم بەکارهێنا بێت.

هەتوان _ سلێمانی.
kahatwan@yahoo. com

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.